کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-11-2007 17:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تورکیای فاشی و لەیلا زانای خۆبەخت کەر؟ ... محمد سیاسی ئەشکەنەیی

دەوڵەتی تورك ئەمجارەیان کە ناتوانی شۆرشی کورد لە کوردستانی باکور دابمرکێنێتەوە، لەداخا قینی فاشیانەی خۆی بە لەیلا زانای بوێرو قارەمان ئەڕێژی، چونکە لەیلا زانا بەرگری لەهەق دەکات و دەیەوی مرۆڤایەتی وەکو خۆی بوونی هەبی و ڕەوایەتی پی بدری نەك بە دروشمی درۆینەی فاشیانەی تورك، کە رۆژانە بەناوی ئەندام بوون لە ناتۆو پشت بەستن بە دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیا ئازادی لە گەنج و لاوەکانی کورد لە تورکیا بکات بە زیندان، لەیلا زاناش وەك چۆن هەمیشە بە ئافرەتێکی ئازاو بوێر ناسراوە وتەکانی و لێدوانەکانی ئەچنە هەناوی بەرپرسانی تورکەوەو پێی تورە ئەبن، چونکە لەیلا زانا هەق دەڵی و هەقیش تاڵە و تاڵیش بە هیچ کەسێك قوو نادرێت، کە لەم رۆژانەدا لەیلا زانای بوێر لەسەر وتارێك بانگێشتی دادگای تورکان کرا کە لە وتارەکە داوای کردبوو (عەبدوڵلا ئۆج ئالان) لە گرتوخانەی ئیمرالیەوە بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی باشترو ئاسودەتر کە پرنسیپ و یاساکانی ماقی مرۆڤی تیادا پارێزراوبی و بتوانی پەیوەندی لەگەڵ خەڵك بکات ئەوانەی دێن بۆ دیداری لە وڵاتان وەك راگەیاندنەکان، بەڵام ئەم لێدوانەی لەیلا زانا بەرپرسانی تورکی نارەحەت کرد ئەوەبوو راپێچی دادگایان کرد کە مافی مرۆڤ لە تورکیا بونی نیەو تەنها بریقەی دی، ئەوەبوو بەپێی ماددەی بانگەشە کردن بۆ تیرۆر بە نیازن دادگایی بکەن گەر بێتوو ئەو بڕیارەی دادگای تورکیا بەسەریدا بچەسپی ئیتر رەنگە (5ساڵ بۆ 7ساڵ) زیندانی بکری، کە لەیلا زانا خەلاتی جیهانی ئاشتی پێ درا بەڵام تورکیایەکی فاشی ئێستا بەناوی تیرۆر دەیهەوی بیمرێنی لە زیندان کە لەیلا زانا نمونەی قارەمانێتی و بوێریە بۆ کوردو کوردستان کە لەناو جەرگەی داگیرکەراندا وتاریان لە دژ ئەدات و بەبی ترس داوای ئازادبوونی (عەبدوڵلا ئۆجەلانیان) لی دەکات، بۆیە دەبوو دەوڵەتانی ئەمریکاو بەریتانیا کە خۆیان بە دۆستی کورد دەزانن و لەملاشەوە ژێر بە ژێر لەگەڵ تورکیان و ئەیانەوی بە هۆی ئەو لەشکرکێشیەی تورکیاوە ئیتر ئەوان کارێکی وابکەن کە تورك بونێکی هەبی لە کوردستان تاکو پێگە رسمیەکانی خۆیان لە کەنداوەوە بگوازنەوە بۆ نزیکترین شوێنی کوردستان واتە تورکیا، کە هەمیشە ئەمریکاو بەریتانیاو تورك یەك بەرنامەو یەك ستراتیژ و یەك هۆکار کۆیان ئەکاتەوە ئەویش ئەندام بونیانە لە ناتۆ، بۆیە چاك وایە ئەمرۆکە کوردان بەیەك دەنگ ویەك رەهی یەکبگرن بڵێن نامانەوی تورك سنوری هەرێمی کوردستان ببەزێنی، چونکە هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەی نیازیان نیە شەڕ بکەن و شەڕیش بەکەس بفرۆشن، کە ئاشتی و برایەتی و خۆشگوزەرانی ئاواتی سەرۆکی هەرێمەو خەڵکی کوردستانیش ئەوە دەخوازی، بەڵام گەر تورکان وازیان نەهێنا، ئیتر بەیەك دەنگ ئەبی هەمومان بچین بۆ شەڕ، ئەو شەڕەی دەیەوی بە زۆری بەسەرمانیدا بسەپێنن، کە ئێمە میللەتێکی دوور لەشەڕو حەز کردن بە ئاشتین، کە سنوربەزاندنی تورکیا لە روی نێودەوڵەتیەوە نایاساییە، دەبوایە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان کە سەرچاوەی هێزن لە کوردستان رازی نەبوبان تورکیا سەروەری کوردستان ببەزێنی، کە زۆر بە داخەوە ئێستاش ئێمە لە عێراقێکدا دەژین نە



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرۆکی کۆمارو نە جێگری سەرۆك وەزیران و نە وەزیری دەرەوەشمان هیچیان بایی پولێك نە دەسەڵاتیان هەیەو نە دەشتوانن هێزێکی تۆکمەی سەربازی بنێرن بۆ ئەوەی هەر پیشێلکاریەکی تورکیا بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان ئەوان بەرەنگاری ببنەوە، کە زۆر بە داخەوە سنوری دەسەڵاتی سەرۆك کۆمارو جێگری سەرۆك وەزیران و... هتد، زۆر لاوازەو توانای بڕیارِ دانیان نیە چونکە ئەوان نەیانتوانیووە لە ناو هەرێمی کوردستان ببنە پشتیوانی کەر تاکو دوو ئیدارە تێکەڵاوبکەنەوە کە ئێستاش هەندی وەزارەت وەك خۆیانن کە ئەمەش دەلالەت لەیەکنەگرتوویی کورد دەکات بۆیەش تورکیا حیساب بۆ سەروەری کوردستان ناکات، کە لەو کاتەی بی ئێم ئێف لە کوردستان بوو لەبەینی دێگەڵەو کۆیە دایان نابوو تاکو کورد شەڕ نەکات یەکتر قەتڵ و عام نەکات، بۆیە ئەو کات تورکیا بۆی روون بۆوە کە کوردەکان لە ناو خۆیان تەباو یەکگرتوو نین چونکە ئەو کاتە بەزیان بە سەگی شوانی سپاردبوو سەگیش نەیدەهێشت هی هیچیان زیاتر بڕوات لە هەردوو لایانی دەخوارد!!

جا ئێستاکەش ئەو ڕۆژەم هاتەوە بیر کە لە هەولێرو شارەکانی تر خۆپیشاندان کرا بۆ ئەوەی تورکیا هێرش نەکاتە سەر هەرێمی کوردستان بەڵام زۆر بە داخەوە بەرێز پارێزگاری سلێمانی مۆڵەتی یاسایی بە خۆپیشاندان نەداو ئیتر لە سلێمانی خەڵکی ترسان بۆیە ئەو خۆپیشاندانە وەك پێویست نەبوو، کە ئەمەش بریتیە لە قینی حزبی و دوو ئیدارەیی، شتێکی تریش هەیە کی ئەڵی جەنابی پارێزگار بەو کارەی خۆی خۆشەویست نەکرد لای تورکیە فاشیەکان، بۆیە جەنابی پارێزگار گەر وەك لەیلا زانات پێنەکرا نەدەبوایە رێگر بای، کە وا ئەبینی ئێستاکە ئافرەتێك لەناو جەرگەی دوژمنی سەرسەختی کوردان دەنگی بەرز کردۆتەوەو پێیان ئەڵی مافی مرۆڤتان پێشێل کردووە بۆیە داویانە بە دادگا، کە دادگای ئەم جارەی فاشیەکانی تورك پیلانێکە لە دژی لەیلا زاناو هەموو کورد لە کوردستان.

Mhmad200770@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.